پێنج سوزە دەبێتە هۆی دابەزاندنی کۆلیستڕۆڵی خوێن



بەرزبوونەوەی کۆلیستڕۆڵی خوێن کێشەیەکی جدییە، نیشانەش بارودۆخێکە خراپتردەکات، تەنها لە لێگەی پشکنینی تایبەتەوە دەتوانرێت بزانرێت کە کۆلیستڕۆڵ بەرزبووەتەوە یاخود نا، بەڵام چەند سوزەیەك هەیە کاریگەری بەرچاویان هەیە لەسەر دابەزاندنی.

پێیمانگای نیشتیمانی NHLBI بە نەخشیەکانی دە دڵێت، " دەبێت لە تەمەنی نێوان 9 بۆ11 ساڵیدا یەکەمین پشکنینی کۆلیستڕۆڵ ئەنجامبدرێت، هەموو پێنج ساڵ جارێکیش دووبارەبکرێتەوە، بۆ ئەو پیاوانەی تەمەنیان لە نێوان 45 ساڵ بۆ 65 ساڵدایە و ئەو ژنانەش کە تەمەنیان لە نێوان 55 ساڵ بۆ 65 ساڵدایە دەبێت هەموو ساڵێك یاخود دوو ساڵ جارێك بکرێت، سەروو 65 ساڵیش دەبێت هەموو ساڵێك بیکەن."

ئێگەر کەسەکەش پشکنینی ئەنجامدا و دەرکەوتن کۆلیستڕۆڵی بەرز، جگە لەوەرگرتنی دەرمانی پێوست دەبێت دووربکەوێتەوە لە خواردنی خوێی لە رادەبەدەر و میوە و سوزە زیاتربخوات و خواردنی چەوریيەکان کەمبکاتەوە و کێشی جەستەی مامناوەند بهێڵێتەوە و دووربکەوێتەوە لە جگەرەکێشان و وەرزش

بکات بە ماوەی 30 خولەك بە شێوەی ڕۆژانە و فشار و دووداوی و ڕاپەڕینی لە خۆی دووربخاتەوە.

هەر بە گوێرەی پێیمانگاکە، ئەم سەوزەواتانە سوودی بەرچاویان دەبێت لە دابەزاندنی ئاستی کۆلیسترۆڵدا: (سپێناغ، قەرنابیت، گەزەر، کولەکەی شیرین، چەوەندەر).